تۆڕێکی حزبی بەعسی قەدەغەکراو لە ئینبار دەستگیرکرا

ئەمڕۆ پێنجشەممە، دەستەی حەشدی شەعبی، دەستگیرکردنی تۆڕێکی 8 کەسی کە لە سەرکردەو ئەندامانی حزبی بەعسی قەدەغەکراو پێکهاتبوو راگەیاند.

دەستەکە لە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردەوە: بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی فەرماندەی باڵای دەستەی حەشدی شەعبی و بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان، هەزەك لە یاریدەدەری هەواڵگری و زانیاری لە دەستەی حەشدی شەعبی ئۆپەراسیۆنەکی گرنگیان لە پارێزگای ئینبار ئەنجامدا، و تۆڕێکی 8 کەسی لە سەرکردەو ئەندامی چالاکی حزبی بەعسی قەدەغەکراویان دەستگیرکرد.

ئاماژە بەوەشکراوە: ئۆپەراسیۆنەکە بە پاڵپشتی مەفرەزەکانی ئۆپەراسیۆنی دەستەی حەشدی شەعبی (خەرهەڵاتی ئینبار- خەرئاوای ئینبار - ئینبار) و فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی ئینبار و جەزیرە و بادیە لە سوپای عێراق ئەنجامدراوە.

ئاشکراشیکرد: هەزەکە دەستیان بەسەر چەك و کەمپیوتەر و ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و بەڵگەنامەیەکدا گرتووە کە پەیوەندی و چالاکییەکانیان لەگەڵ ڕێکخراوە قەدەغەکراوەکەدا پشتڕاستکردووەتەوە.